**ڕێسا نوێکان سەبارەت بە مانەوە لە ماڵەوە و خۆ دوورگرتن لە کەسانی تر**

تاکە کاری گرنگ کە هەموومان دەتوانین بیکەین، لە جەنگی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا دا، ئەوەیە کە لە ماڵەوە بمێنینەوە بۆ ئەوەی NHS بپارێزین و گیانی خەڵک ڕزگار بکەین.

ئەگەر ئێمە تەماسی ڕۆژانەمان لەگەڵ کەسانی تر کەم بکەینەوە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەش کەم دەبێتەوە. لەبەر ئەمە حکوومەت سێ هەنگاوی نوێ ڕاگەیاندووە.

1. پێویستە خەڵک لە ماڵەوە بمێننەوە، بۆ هەندێ کاری زۆر سنووردار نەبێت.
2. پێویستە فرۆشگە و شوێنە کۆمەڵایەتیە نازەرووریەکان دابخرێن.
3. هەر کۆبوونەوەیەکی زۆرتر لە دوو کەس لە شوێنە گشتیەکان قەدەخە یە.

هەموو هاووڵاتیەک دەبێ پابەندی ئەم هەنگاوانە بێت. دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار، لەوانە پۆلیس، دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دەدرێت کە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکەن - لەوانە لەڕێگەی سزادان و بڵاوەپێکردنی هەر کۆبوونەوەیەک.

ئەم هەنگاوانە لە ڕۆژی دووشەمە، 23ی مارچەوە، جێبەجێ دەکرێن. دوای سێ هەفتە حکوومەت پێداچوونەوەی ئەم هەنگاوانە دەکات، و ئەگەر بەپێی بەڵگە و نیشانەکان مومکین بێت، کەمیان دەکاتەوە.

**1. مانەوە لە ماڵەوە**

تۆ دەبێ تەنیا بۆ چوار شت لە ماڵ بێیتە دەرەوە:

- **کڕینی پێداویستیە بنەڕەتیەکان،** وەک خواردن و دەرمان، و ئەمە دەبێ تا جێگایەک کە مومکینە کەم بکرێتەوە.
- **یەک جۆر چالاکی ڕۆژانە،** وەک ڕاکردن، پیاسە، یان بایسیکڵسواری - بە تەنیا یان ئەوانەی لەگەڵیان دەژیت.
- **هەر پێداویستیەکی پزیشکی،** یان بۆ بەخێوکردن یان یارمەتیدانی کەسانی بارناسک و دۆخهەستیار.
- **هاتووچوو بۆ شوێنی کار،** بەڵام تەنیا کاتێک کە ئەسڵەن نەتوانیت لە ماڵەوە کارەکەت بکەیت.

ئەم چوار هەنگاوە ئاوارتەن - تەنانەت لە کاتی ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە، پێویستە ماوەی مانەوەت لە دەرەوە بگەیەنیتە کەمترین ئاست و دڵنیا ببیت کە 2 میتر دوور دەبیت لە هەر کەسێک جیا لەوانەی لەگەڵیان دەژیت.

هەموو کەسێک دەبێ پابەندی ئەم ڕێنماییانە بێت. ئامۆژگاریی جیاواز بۆ ئەو تاکەکەس و خێزانانەی کە خۆیان ئیزۆلە دەکەن، و بۆ کەسانێک کە دۆخیان زۆرتر هەستیارە و پێویستە بپارێزرێن. ئەگەر باوک و دایک پێکەوە لە یەک خانوو ناژین، منداڵانی ژێر 18 ساڵ دەکرێ لەنێوان خانووی باوک و دایکیان دا بگوازرێنەوە.

هەروەها حکوومەت هەندێ کارمەندی زەرووریی دەستنیشان کردووە کە منداڵەکانیان هەر دەتوانن بچن بۆ خوێندنگە یان بۆ ئەو شوێنەی کە لەوێ چاودێری دەکرێن. **مەسەلەی «کارمەندی زەرووری» کاریگەر نابێت لەسەر ئەوەی کە تۆ دەتوانیت بچیت بۆ سەر کار یان نە** - ئەگەر تۆ کارمەندی زەرووری نیت، ڕەنگە هەر بتوانیت بچیت بۆ سەر کارەکەت بە مەرجێک نەتوانیت کارەکەت لە ماڵەوە بکەیت.

کارمەندانی زەرووری و باوک و دایکی منداڵانی دۆخهەستیار دەتوانن لە ماڵ بچنە دەرەوە بۆ بردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندنگە یان ئەو شوێنەی کە لەوێ چاودێری دەکرێن و هەروەها بۆ هێنانەوەیان.

**2. داخستنی فرۆشگە و شوێنە کۆمەڵایەتیە نازەروریەکان**

بۆ کەمکردنەوەی تەماسی کۆمەڵایەتی، حکوومەت فەرمانی داخستنی هەندێ ئیشوکار و شوێنی دەرکردووە. ئەمانە بریتین لە:

- **مەیخانەکان، سینەماکان و شانۆکان**
- **هەموو فرۆشگەکانی کەلوپەلی نائەساسی** - ئەمە بریتیە لە دووکانەکانی جلوبەرگ و کەلوپەلی ئەلەکترۆنیکی؛ ئارایشگاکان و ساڵۆنەکانی جوانکاری و نینۆک؛ و بازاڕە سەرئاوەڵا و داخراوەکان، لەوانە بازاڕی خۆراک.
- **کتێبخانەکان، ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان، و ناوەندەکانی گەنجان.**
- **شوێنەکانی ڕابواردن، سەرئاوەڵا و داخراو،** وەک هۆڵی بۆلینگ، تاریکە بازاڕەکان و شوێنەکانی کایەی منداڵان.
- **شوێنە گشتیەکانی نێو پارکەکان،** وەک زەمینەکانی یاری، مەیدانەکانی وەرزش و وەرزشگە سەرئاوەڵاکان.
- **شوێنەکانی نوێژ و نزا،** بجێگە لە پرسە بە بەشداریکردنی کەسوکاری پلە یەک.
- **هۆتێلەکان، هۆستێلەکان، شوێنەکانی مانەوە، شوێنەکانی کەمپهەڵدان، شوێنەکانی ڕاگرتنی کارەڤان، و مێوانخانەکان بۆ مەبەستی بازرگانی یان ڕابواردن،** بێجگە لە دانیشتوانی هەمیشەیی، کرێکارە سەرەکیەکان و ئەوانەی کە شوێنی نیشتەجێکردنی زەروری دابین دەکەن، بۆ نموونە بۆ کەسانی بێخانوو.

بۆ زانیاریی زیاتر و بینینی ئاوارتەکان سەردانی ئێرە بکە، لەوێ لیستێک لەو ئیشوکارانە و ئەو شوێنانەی تر کە دەبێ دابخرێن هەن. ئیشوکارەکانی تر دەتوانن کراوە بن و کارمەندەکانیان دەتوانن بچنە سەر کار، بە مەرجێک نەتوانن کارەکەیان لە ماڵەوە بکەن.

**3. ڕاگرتنی کۆبوونەوە گشتیەکان**

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵک لە ماڵەوە و دوور لە یەکتر دەمێننەوە، حکوومەت هەروەها **هەموو کۆبوونەوەی گشتیی زۆرتر لە دوو کەس ڕادەگرێت.**

ئەم بڕیارە تەنیا دوو ئاوارتەی هەیە:

- **کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی کە پێکەوە دەژین** - ئەمە یانێ بۆ نموونە باوکێک دەتوانێت منداڵەکانی لەگەڵ خۆی ببات بۆ فرۆشگەکان، بە مەرجێک نەتوانێت لە ماڵەوە بەجێیان بهێڵێت.
- **کۆبوونەوەی زەروری بۆ مەبەستی کارکردن** - بەڵام کارمەندەکان دەبێت تا جێگایەک کە دەکرێت هەوڵ بدەن کۆبوونەوەکان و گردبوونەوەکانی تر لە شوێنی کارەکەیان کەم بکەنەوە.

هەروەها، حکوومەت هەموو بۆنە کۆمەڵایەتیەکان ڕادەگرێت، لەوانە زەماوەند، تەعمید، و ڕێورەسمە ئایینیەکانی تر. بێجگە لە پرسە کە کەسانی پلە یەک دەتوانن تێدا بەشداری بکەن.

**4. چوون بۆ شوێنی کار**

هەروا کە لە بەشی مانەوە لە ماڵەوە باس کرا، خەڵک دەتوانن هاتووچووی شوێنی کارەکەیان بکەن، بەڵام تەنیا کاتێک کە بە هیچ شێوەیەک نەتوانن کارەکەیان لە ماڵەوە ئەنجام بدەن.

بێجگە لەو ڕێکخراوانەی کە لە سەرەوە لە بەشی تایبەت بە داخستنی فرۆشگە و شوێنە کۆمەڵایەتیە نازەروریەکان باس کران، حکوومەت هیچ ئیشوکارێکی تری ناچار نەکردووە کە دابخرێت - لە ڕاستی دا گرنگە کە ئیشوکارەکان بەردوام بن.

خاوەنکارەکان و کارمەندەکان دەبێ سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکانیان پێکەوە گفتوگۆ بکەن، و خاوەنکارەکان دەبێ هەموو هەنگاوێکی مومکین هەڵبگرن بۆ ئەوەی زەمینەی کارکردنی کارمەندەکان لە ماڵەوە فەراهەم بکەن، بۆ نموونە تەکنەلۆژیای زانیاری و کەلوپەلی گونجاو فەراهەم بکەن بۆ ئەوەی لە دوورەوە کار بکەن.

هەندێ جار ئەمە مومکین نیە، چونکە هەموو کەسێک ناتوانێت لە ماڵەوە کار بکات. هەندێ ئیش و کار پێویستیان بەوە هەیە کە خەڵک بچنە شوێنی کارەکەیان - بۆ نموونە، لەو ئیش و کارانە دا کە خەڵک بە مەکینەیەک کار دەکەن، لە کاری بیناسازی یان بەرهەمهێنان دا ن، یان خزمەتی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکەن.

**ئەگەر ناتوانیت لە ماڵەوە کار بکەیت، هەر دەتوانیت بچیت بۆ سەر کار، بە مەرجێک لەشت ساخ بێت و هیچکام لە ئەندامانی خێزانەکەت، بە خۆشتەوە، خۆی ئیزۆلە نەکردبێت.** ئەمە هەماهەنگە لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی بەرپرسی باڵای پزیشکی.

ئەو خاوەنکارانەی کە لە نووسینگەکانیان یان لە شوێنی کاریان کەسانێکیان هەیە، دەبێ دڵنیا بن کە دەتوانن ڕێنماییەکانی دەزگای «تەندروستیی گشتی ئینگلاند» جێبەجێ بکەن، لەوانە، لە هەرکوێ مومکین بیت، پاراستنی مەودای 2 میتر لەگەڵ کەسانی تر، و زوو زوو شۆردنی دەست بە سابوون و ئاو بۆ ماوەی لانیکەم 20 چرکە (یان بەکارهێنانی جێڵی پاککردنەوە، ئەگەر سابوون و ئاو لەبەردەست نیە).

کارێک کە لە ماڵی خەڵک ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە لەلایەن کرێکارێکەوە کە کاری چاککردنەوە و پاراستن ئەنجام دەدات، دەکرێت بەردەوام بێت، بە مەرجێک کرێکارەکە ساخ بێت و هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیی نەبێت. دیسان، گرنگە کە دڵنیا ببیت ڕێنماییەکانی دەزگای «تەندروستیی گشتی ئینگلاند»، لەوانە پاراستنی مەودای 2 میتر لەنێوان ئەندامانی خانەوادە، لە بەرچاو بگیردرێن بۆ ئەوەی سەلامەتی هەمووان بپارێزرێت.

لە ماڵی خێزانێک کە خۆیان ئیزۆلە کردووە یان لەوێ هەنگاوی پاراستن بۆ کەسێک هەڵگیراوە، نابێت هیچ کارێک ئەنجام بدرێت، مەگەر کارەکە بۆ پاراستنی خێزانەکە لە مەترسیەکی ڕاستەوخۆ بێت، بۆ نموونە کاری بۆری کێشان یان چاککردنەوەی زۆر زەرووری، یان ئەوەی کە خودی کرێکارەکە بیهەوێت کارەکە ئەنجام بدایت. لەم حاڵەتانە دا، دەزگای «تەندروستیی گشتی ئینگلاند» دەتوانت ئامۆژگاری بدات بە کرێکارەکە و خێزانەکە.

کرێکارێک کە نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەیە نابێت هیچ کارێک ئەنجام بدات، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانیش ملایم و کەم بن.

هەروەها کە لە بەشی تایبەت بە کەمکردنەوەی تەماسی کۆمەڵایەتی دا باس کرا، حکوومەت فەرمانی داخستنی هەندێ ئیشوکار و شوێنی دەرکردووە. حکوومەت ڕێنمایی دەرکردووە سەبارەت بەوەی کە ئەم مەرجە کام لە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە. ئامۆژگاری سەبارەت بە دامەزران و پاڵپشتیی دارایی بۆ ئەم کارمەندانە لەم ناونیشانە لەبەردەستە: gov.uk/coronavirus

لە هەر حاڵێک دا، ئەگەر کارمەندێک یان ئەندامانی خێزانەکەی نیشانەی نەخۆشیی هەبێت، پێویستە کارمەندەکە پابەندی ڕێنمایی تایبەت بە خۆئیزۆلەکردن بێت.

**5. جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە نوێیانە**

ئەم هەنگاوانە تەماسی ڕۆژانەی ئێمە لەگەڵ کەسانی تر کەم دەکەنەوە. ئەمانە بەشێکی زۆر گرنگن لە هەوڵەکانی ئێمە بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

لە هەموو هاووڵاتیان داوا دەکەین کە پابەندی ئەم هەنگاوانە بێت.

لەبەر ئەمە حکوومەت دەسەڵاتی پێویست دەدات بە پۆلیس و دەسەڵاتدارانی تر بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکەن، لەوانە لەڕێگەی سزادان و بڵاوەپێکردنی هەر کۆبوونەوەیەک.

ئەم هەنگاوانە سەرەتا لە 23ی مارچەوە بۆ ماوەی سێ هەفتە جێبەجێ دەکرێن، دوای ئەوە حکوومەت پێداچوونەوەیان دەکات، و ئەگەر بەپێی بەڵگە و نیشانەکان مومکین بێت، کەمیان دەکاتەوە.